# وەقایعی کوردستان

## ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە ( ٢٠٧ )   ساڵی شازدەیەم   ٣٠/ ئازار/٢٠١٧ زایینی   ١٠ / نەورۆز / ٢٧١٧کوردی ٢ / ڕەجەب / ١٤٣٨ کۆچی

**207**


## لەم ژمارەیەدا :


| | |
|---|---|
| بڕیاری ژمارە ( ٩٩ ) ساڵی ٢٠١٧سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ل ١ |
| بڕیاری ژمارە ( ١٠٠ ) ساڵی ٢٠١٧سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ل ٢ |
| بڕیاری ژمارە ( ١٠١ ) ساڵی ٢٠١٧سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ل ٤ |
| پەیڕەوی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٧وەزارەتی داد<br>پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزارەتی داد | ل ٥ |
| پەیڕەوی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٧وەزارەتی داد<br>پەیڕەوی ناوخۆی نووسینگەی وەزیری داد | ل ٦ |
| پەیڕەوی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٧وەزارەتی داد<br>پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد | ل ٧ |
| پەیڕەوی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٧وەزارەتی داد<br>پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی | ل ١٤ |
| ڕێنمایی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری | ل ١٥ |
| ڕێنمایی ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری | ل ١٥ |
| ڕێنمایی ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری | ل ١٦ |
| بڕیاری ساڵی ٢٠١٧ ئەنجومەنی دادوەری | ل ١٧ |
| بەیانی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ<br>پەسەند کردنی و فراوانکردنی حەرەمی نوێی گوندی (تەلآیی خواروو) | ل ١٨ |
| بەیانی ساڵی ٢٠١٧ دەستەی وەبەرهێنان | ل ١٨ |
| بەیانی ژمارە ( ١ - ٢ - ٣ - ٤ - ٥ - ٦ - ٧ - ٨ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی تەندروستی | ل ١٩ |



ناونیشان : هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)
http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٠٧) السنة السادسة عشرة ٣٠ / أزار / ٢٠١٧ ميلادي ١٠/ نەورۆز/ ٢٧١٧كوردي ٢/ رجب / ١٤٣٨هجرى

207

في هذا العدد:

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| قرار رقم (٩٩) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١ |
| قرار رقم (١٠٠) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٢ |
| قرار رقم (١٠١) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٤ |
| نظام رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل | ص ٥ |
| نظام رقم (٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل | ص ٦ |
| نظام رقم (٣) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل | ص ٧ |
| نظام رقم (٤) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل | ص ١٤ |
| تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد | ص ١٥ |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد | ص ١٥ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد | ص ١٦ |
| قرار لسنة ٢٠١٧ مجلس القضاء | ص ١٧ |
| بيان رقم (٤) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية | ص ١٨ |
| بيان لسنة ٢٠١٧ هيئة الأستثمار | ص ١٨ |
| بيان رقم (١ - ٢ - ٣ - ٤ - ٥ - ٦ - ٧ - ٨) لسنة ٢٠١٧ وزارة الصحة | ص ١٩ |


No. 207 Date : March , 30 , 2017 Vol.: 16

مطبعة نازة

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٨٣ لە ٢٠١٧/٢/١٢**

## بڕیاری ژمارە ( ٩٩ ) ساڵی ٢٠١٧

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٣١ , و لە سەر پێشنیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان , بڕیاردرابە:-**

**١- پەسەندکردنی مەبدئیی پرۆژەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی تایبەت بە هێڵە گشتییەکانی سیاسەت و ڕوئیای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سێکتەرەکانی (ڕۆشنبیری ، هونەر ، وەرزش ، لاوان ) لە هەرێمی کوردستان , کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە .**

**٢- ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەت و دەمەزراوەکان بۆ جێکردنەوەی ئەم هێڵە گشتیانە لە کارنامەی دامەزراوەکانیان بەپێی پەیوەندی و دارشتنی پلان و میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان سەرەرای ڕۆلی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە پیشەییەکان و دامەزراوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری ناو هەرێم .**

**٣- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەماهەنگی لەگەڵ ئەم دامەزراوە و لایەنانەی برگەی (٢)ی سەرەوە دەکات و بەرپرسیارێتی و ڕۆلیان لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژیاتانە دەستنیشان دەکات و ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار دەکاتەوە لە بەرەوپێشچوونەکانی و ڕێگرییەکانی بەردەم جێبەجێکردنیان**

**٤- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٨٢ لە ٢٠١٧/٢/١٢**

## بڕیاری ژمارە (١٠٠) ساڵی ٢٠١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٣١ , بڕیاردرابە:-

١- دەستنیشانکردنی ڕۆژی (١)ی ئازاری ساڵی ٢٠١٧ بە دوا وادەی تۆمارکردنی مووچەخۆران لە سیستمی ناوەندیی تۆمارکردنی بایۆمەتری سەرجەم مووچەخۆرانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان هەر مووچەخۆرێکی مەدەنی کە بە بەردەوامی مووچە لە حکومەت وەربگرێت لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێك بێت لەو ماوەیەدا ناوی خۆی تۆمار نەکات , ئەوا خۆی بەرپرسیارێتی دەرئەنجامەکەی لە ئەستۆ دەگرێت .

٢- سیستمی ناوەندیی تۆماری بایۆمەتری سەرجەم مووچەخۆرانی سەربازیی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایشی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە .

٣- پیویستە لەسەر سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە مەدەنی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایشەوە ئەوانەی کە پەیڕەوی سیستمی ژمێریاریی نامەڵبەندی(نظام المحاسبي اللامركزي) دەکەن کە دەبێت خەرجییەکانی مووچە مانگانە لەلایەن گەنجینەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابورییەوە وردبینی و پەسەند بکرێت هاوشێوەی ئەوانەی کە سیستمی ژمێریاریی مەڵبەندی(نظام المحاسبي المركزي) پەیڕەو دەکەن و پێویستە لەسەر گشت دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان بە بێ ڕەچاوکردنی جۆر و سروشتی ئەو سیستمە ژمێریارییەی بەکاریدەهێنن وێنەیەك لە خشتەی مووچەخۆرانیان مانگانە و بە بەردەوامی بنێرن بۆ (وەزارەتی دارایی و ئابووری) و (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/نووسینگەی تایبەتی هەردوو بەڕیزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بەپێی ئەو نووسراو و فەرمان و ڕێنماییانەی پێشتر لەم بارەیەوە گشتاندنی بۆکراوە .

٤- ڕاگرتنی دانان و دامەزراندن لە بری مووچەخۆر (نشر و فصل) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە گشت بوارەکان کە پارە لە بودجەی گشتی وەردەگرێت لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت و بە هەر شێوەیەك لە(مووچە ،

دەرماڵە ، بەخشین ، هاوکاریی ، خانەنشینی ، مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مووچەخۆری مەدەنی و سەربازیی و هێزەکانی ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و مووچەخۆری هەمیشەیی و کاتی و گرێبەستیشەوە) لە کاتی چۆڵبوونی میلاکی هەر مووچەخۆرێك بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ پاساوێکدا جێگەکەی پڕناکرێتەوە و هەر بڕیار و فەرمانێکیش بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دەربچێت کاری پێناکرێت و بە هەڵوەشاوەی دادنرێت و ئەو کەسەشی بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دادەنرێت هیچ مافێکی ناکەوێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە .

٥- وەزارەتی دارایی و ئابووری و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

٦- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی فەرمانگەی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕینمایی و ڕێبەری پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات .

**نێچیـرڤـان بـارزانـی**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ١٢٦٥ لە ٢٠١٧/٣/١٣**

**بڕیاری ژمارە (١٠١) ساڵی ٢٠١٧**

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٢/٢١ بڕیاردرا بە:-**

**٧- ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کە لە ماوەیەکی گونجاودا سەرجەم ڕاپۆرتەکانی شاندەکانیان و وێنەی ئەو دۆکیومێنتانە ئاڕاستەی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بکەن بۆ مەبەستی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ڕاپۆرت و دۆکیومێنتەکان ، و پێویستە لەسەر فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بە ڕاپۆرتێك ئەنجوومەنی وەزیران لەم بابەتە ئاگادار بکاتەوە .**

**٨- دامەزراندنی داتابەیسێك لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی وێنەی سەرجەم ئەو دۆکیومێنت و ڕێککەوتننامە و یاداشتی لەیەکتر تێگەیشتنانەی کە لە میانەی سەردانی فەرمیی شاندەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجامدراون .**

**٩- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و بۆ داهاتووش بەردەوام دەبێت .**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٦٧٨/٣ لە ٢٠١٧/٣/٣٠**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە حوکمەکانی ماددە(٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

## پەیرەوی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٧

## پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزارەتی داد

**ماددەی (١):-**

١- ئەنجومەنی وەزارەتی داد، بە سەرۆکایەتی وەزیرو بە ئەندامیەتی هەموو دەزگاکانی داد پێکهاتووە، بەم شێوەیە: (بریکاری وەزارەت "لەکاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات"، سەرۆکی ئەنجومەنی شورا، سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاریی دادی، سەرۆکی داواکاری گشتی، بەڕێوەبەری گشتی داد، بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی دادوەری، بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە دادییەکان).

٢- ئەنجومەن مانگانە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێ و سەرۆك بۆی هەیە بە شێوەیەکی نائاسایی داوای بەستنی کۆبوونەوە بکات هەرکاتێك پێویستی بەوە هەبوو.

٣- ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی سەرۆك یان بریکاری وەزارەت لە کاتی ئامادەنەبوونی و بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان کۆدەبێتەوەو بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەچێ و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

٤- ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێ کە بڕوانامەی بەرایی لە یاسادا هەبێ، کاروباری ئەنجومەن ڕێك دەخات و خشتەی کارەکانی ئامادە دەکات و بە ئەندامەکانی ڕادەگەیەنێ و ئەو کێشانە پوخت دەکاتەوە کە پێی دەسپێردرێن لەگەڵ گەیاندنی بڕیارەکانیدا، چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**ماددەی (٢):- ئەرکەکانی ئەنجومەن:**

١- سیاسەتی گشتی وەزارەت و ئامانجەکانی دەست نیشان دەکاو پلانی ساڵانەی لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای وەزارەت دادەنێ و بنەما یاسایی و کارگێری و دارایی و هونەری دیاری دەکات بە مەبەستی پەیرەوکردنیان لە وەزارەت کە لەگەڵ سیاسەتی حکومەت بگونجێ و هەر ڕاسپاردەیەك کە بەباشی بزانێت لە بارەیەوە پێشکەش دەکات.

٢- بودجەو میلاکی وەزارەت ئامادە دەکات و هەر ڕاسپاردەیەك کە بەباشی بزانێت لە بارەیانەوە پێشکەش دەکات

٣- لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی لە ئەندامانی ئەنجومەن پێك دێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشنیازەکان و ئەو کێشانەی دێنە پێش دەزگاو فەرمانگەکانی وەزارەت یان بۆ کردنی هەندێك لەوکارانەی کە پێی سپێردراوە و لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی کە وەزیر داوای دەکات.

٤- لێکۆڵینەوە لەو پڕۆژە یاسایانە دەکات کە وەزارەت پێشنیازیان دەکات.

**ماددەی (٣):-** ئەم پەیڕەوە جێبەجێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**سـنـان چلبـی**

**وەزیـری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٦٨٩/٣ لە ٢٠١٧/٣/٣٠**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە حوکمەکانی ماددە(٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

## پەیڕەوی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٧

## پەیڕەوی ناوخۆی نووسینگەی وەزیری داد

**ماددەی ( ١ ):-**

نووسینگەی وەزیری داد لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دەبێت، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە یاسا هەبێت و چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەدەن.

**ماددەی ( ٢ ):- نووسینگەی وەزیر ئەم ئەرکانەی دەبێت:**

**یەکەم:** سەرپەرشتی پێکهاتەکانی سەر بە نووسینگە دەکات.

**دووەم:** ئامادەکردنی فەرمانی وەزاری و فەرمانەکانی تایبەت بە کاری نووسینگە.

**سێیەم:** وردبینی و بەدواداچوون و ڕێکخستنی پۆستەی هاتوو لە لایەنی باڵاو وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگەو دەزگا دادییەکان.

**چوارەم:** ڕێکخستنی کاری سکاڵای هاوڵاتیان و ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکانی وەزیر.

**پێنجەم:** ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکانی وەزیر بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن

**شەشەم:** ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەو چاوپێکەوتن و کۆنفرانسەکانی کە وەزیر ئامادەی دەبێت یان چاودێری دەکات.

**حەوتەم:** ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزارەتی داد لە ڕێگەی سکرتێری ئەنجومەن.

**ماددەی ( ٣ ):-**

**یەکەم:** پێکهاتەکانی نووسینگەی وەزیر:

أ- سکرتاریەت: فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە شارەزایی و لێهاتوویی لە کارەکانیدا هەبێت. ئەرکی وەرگرتنی پۆستەو پەیوەندی تەلەفۆنی و ئیمەیل لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکان و چاپکردنی نووسراوە فەرمیەکانی نووسینگەیە.

ب- خامەی نووسینگەو نهێنی: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە شارەزایی لە بواری کارگێڕی دا هەبێت. ئەرکی کردنەوەی تۆمار و ئەرشیف کردن و بەدواداچوونی نووسراوەکانە.

ج- وەرگێڕان: فەرمانبەرێك یان زیاتر دەیکات کە دەرچووی کۆلیژی زمان بێ یان شارەزاو لێهاتوویی لە وەرگێڕاندا هەبێت.

**ماددەی ( ٤ ):-** ئەم پەیڕەوە جێبەجێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**سـنـان چلبـی**

**وەزیـری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٣/٢٣٨ لە ٢٠١٧/٣/١٣**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددە(٩) بڕگەی(١) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

## پەیڕەوی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٧

## پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد

**ماددە ( ١ ):-**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد کاروباری دیوانی وەزارەت بەڕێوەدەبات و لە ڕێگەیەوەی دەزگاکانی وەزارەت بە وەزیر دەبەسترێتەوە و پلانی گشتی و بوودجە و پەرەپێدانی وەزارەت لە ئەرکە سەرەکییەکانیەتی.**

**ماددە ( ٢ ):-**

**دادوەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد بەڕێوە دەبات، کە بە لایەنی کەم دەبێت لە سنفی دووەم بێت.**

**ماددە ( ٣ ):-**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد لەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبانەی خوارەوە پێکدێت:-**

**یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری:-**

**١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری ژمێریاری و خزمەتی لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.**

**٢- أ- پێکدێت لە:**

- **بەشی بوودجە: پێکدێت لە:-**

**- هۆبەی خەرجی**

**- هۆبەی داهات**

- **بەشی ژمێریاری پرۆژە**

**ب- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش بۆ بەش و بە پلەی بەرپرسی هۆبە بۆ هۆبە، کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لە بواری کارەکەی و خزمەتی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.**

**٣- ئەرکەکانی ئەمانەن:-**

**أ- دانان و ئامادەکردنی بوودجەی ساڵانەی وەزارەت.**

**ب- ئامادەکردنی بوودجەی پێداچوونەوەی مانگانە و خشتەی خەرجییەکان و مووچەی فەرمانبەرانی دیوان.**

**ج- وەرگرتن و کۆکردنەوەی داهاتی وەدەستهاتوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد.**

**د- جێبەجێ کردنی کارەکانی تایبەت بە ژمێرکاری پرۆژەکانی وەزارەت.**

هـ- ڕێکخستنی دۆسییەکان و تۆمارەکان و داتابەیسەکانی بۆ ئەو چالاکیانەی دەکەونە بازنەی ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا.

و- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە کاروباری ژمێریاری.

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی:-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری کارگێڕی یاخود یاسا و خزمەتی لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- أ- پێکدێت لە :

- بەشی میلاکاتی فەرمانبەران
- بەشی خۆیەتی ئەندامانی داواکاری گشتی
- هۆبەی کاروباری ڕاژە

ب- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش بۆ بەش و بە پلەی بەرپرسی هۆبە بۆ هۆبە، کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لە بواری کارەکەی و خزمەتی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ئەرکەکانی ئەمانەن:-

أ- دیاریکردنی پێداویستی وەزارەت لە فەرمانبەران و دابینکردنی فەرمانبەر بۆ میلاکە بەتاڵەکانی وەزارەت.

ب-ئەنجامدانی کارڕاییەکانی تایبەت بەدامەزراندن ، پلە بەرزکردنەوە، پێدانی سەرمووچە ، مۆڵەت ، خانەنشینی ، گواستنەوەی ڕاژە ، ڕێزوسوپاس...تاد، بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت و پلە تایبەتەکان.

ج- ڕێکخستنی دۆسییەکان و تۆمارەکان و داتابەیسەکانی پەیوەست بە کاروباری فەرمانبەران لە بازنەی ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا.

د- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە کاروباری فەرمانبەران.

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی:-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە کارگێڕی یاخود یاسا و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- أ- پێکدێت لە:

- بەشی کۆگا
- بەشی هونەری
- بەشی خزمەتگوزاری
- هۆبەی هاتوو و دەرچوو

ب- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش بۆ بەش و بە پلەی بەرپرسی هۆبە بۆ هۆبە، کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لە بواری کارەکەی و خزمەتی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ئەرکەکانی ئەمانەن:

أ- دابینکردنی پێداویستییەکانی دیوان لە پەراوگە و کەل وپەل و ئامێرەکان.

ب- ڕێکخستنی کاروباری بە چاپکردن و کۆپی و ئامێرەکانی گەیاندن و پارستنیان.

ج- وەرگرتن و دەرکردنی نوسراوەکان و پارستنیان و دابەشکردنیان بەسەر پەیوەنداران و پۆستەبەرەکانی دیوان.

د- ڕێکخستنی کاروباری هاتووچۆی فەرمانبەران و چاودێری و سەرپەرشتیکردنی ئۆتۆمبێلەکانی دیوانی وەزارەت و ئەنجامدانی کارڕاییەکانی تایبەت بە کڕین و چاککردنەوەیان.

هـ- ڕێکخستن و چاودێریکردنی تۆماری ئامادەبوونی ڕۆژانەی فەرمانبەران.

و- پاراستن و سەرپەرشتی و خاوێنکردنەوەی باڵەخانەی وەزارەت و باخچەکانی.

ز- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە بواری کارگێڕی.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدان:-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە کارگێڕی گشتی یاخود یاسا و پسپۆڕی یەکەم بەرتری پێدەدرێت و خزمەتی لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- أ- پێك دێت لە:

- هۆبەی ڕاهێنان
- هۆبەی ئاماروپلان

ب- هەر هۆبەیەك فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی هۆبە، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری کارەکەی یان ئەزموندارو مومارس بێت و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٣- ئەرکەکانی ئەمانەن:

أ- دیاریکردن و کردنەوەی ئەو خولانەی کە پێویستن بۆ فەرمانبەران بە تایبەت فەرمانبەرانی تازە دامەزراو و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و سەنتەرەکانی ڕاهێنان، بەمەبەستی ڕێکخستنی خولی تایبەت لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و دەستنیشانکردنی فەرمانبەری تایبەتمەند.

ب- ئەنجامدانی کاری پەیوەست بە پەیکەری ڕێکخستن و شیکردنەوەی کارەکان و ڕێکخستنیان و دیراسەتکردنی بابەتە کارگێڕییەکان و دانانی سیستم و هەڵسەنگاندنی کاری فەرمانبەرێتی و پەرەپێدانی.

ج- کۆکردنەوەی ئامار لەسەر وەزارەت و شیکردنەوەو بەدیارخستنی گۆڕانکارییەکان و پلانی ساڵانەی وەزارەت.

د- هەر کارێکی دیکەی پەیوەندار بە سروشتی کارەکانی.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان):-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- أ- پێکدێت لە:-

- هۆبەی چاپ و دیزاین.
- هۆبەی وردبینی یاسایی.
- هۆبەی ئەرشیف و پەرتوکخانە.

ب- هەر هۆبەیەك فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی هۆبە، کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت و خزمەتی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ئەرکەکانی ئەمانەن:-

أ- دەرکردن و دابەشکردن و فرۆشتن و هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردستان (وەقایعی کوردستان).

ب- یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنمایی و بەیان بڵاودەکاتەوە.

ج- سەرپەرشتی کتێبخانەی وەزارەت دەکات.

د- هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی IT و پێدانی ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە. بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان لە ماڵپەری وەزارەت و دابەزاندنی لە ماڵپەری بنکەی یاسادانانی هەرێمی کوردستان.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی ڕاستاندن و پەیوەندییە دادییەکان:-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا و خزمەتی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- أ- پێکدێت لە:-

- هۆبەی بەڵگەنامەکان.

ب- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی هۆبە، کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بێت لە یاسا و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ئەرکەکانی ئەمانەن:

أ- پەسندکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم دەردەچوێنرێن، بۆ متمانەپێکردن و کارپێکردنیان.

ب- نوسراو و هۆشداری و پێراگەیاندن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە نێوان هەرێم و دەرەوەی هەرێم لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

ج- هەماهەنگی کردن لە نێوان وەزارەتی دادو کونسولگەریەکان تایبەت بە پەسندکردنی بەڵگەنامەکان.

د- دەرکردنی بەیان.

هـ- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە سروشتی کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی تەکنۆلۆژیای زانیاری (IT):-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە ئەندازەی کۆمپیوتەر و خزمەتی لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- أ- پێکدێت لەمانە:-

- بەشی سایت و بنکەی یاسادانان
- بەشی ناسنامە

ب- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش، کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بێت لە بواری یاسا یان **IT** و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ئەرکەکانی ئەمانەن:-

أ- بەرپرسە لە پڕۆژەی حکومەتی ئەلیکترۆنی و دانانی پلانی تایبەت بە تەکنۆلۆژیای زانیاری بۆ وەزارەت.

ب- دابەشکردن و ڕێکخستنی هێڵی ئەنتەرنێت و دانان و بەستنی نێت وێرك بۆ لینککردنی کۆمپیوتەر و پارچەکانی بە یەکتری و چاککردنەوەی کۆمپیوتەر و پارچەکانی.

ج- گواستنەوەی دوایین داهێنان و نوێکارییەکان لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری بۆ نێو دەزگاکانی وەزارەت، بە مەبەستی هەلکردن لەگەڵ ئەم بوارەو و ئاشناکردنیان بە سوودەکانی.

د- دەرکردن و نوێکردنەوەی ناسنامەی فەرمانبەران و تۆمارکردنی زانیارییە بە شێوازێکی نوێ و سیستمی ئەلیکترۆنی.

هـ- ئیدخالکردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیار و بەیان لە سایتی بنکەی یاسادانانی هەرێم.

و- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە تەکنۆلۆژیای زانیاری.

**هەشتەم/ بەڕێوەبەرایەتی وردبینی:-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری ژمێریاری و خزمەتی لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- ئەرکەکانی ئەمانەن:

أ- وردبینیکردنی هەموو کارێکی ژمێرەیی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دیوانی وەزارەت ئەنجامدەدرێت.

ب- وردبینیکردنی هەموو کارێکی ژمێرەیی تایبەت بەو پرۆژانەی کە لەلایەن وەزارەتەوە ئەنجامدەدرێن.

ج- چاودێری و وردبینیکردنی کارەکانی یەکەی ژمێریاری فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت.

د- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە سروشتی وردبینی.

**نۆیەم: بەشی ئەندازیاری:-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لەبواری ئەندازیاری و خزمەتی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- ئەرکەکانی ئەمانەن:

أ- دیاری کردنی تێچووی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی بوودجەی وەبەرهێنانی وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی سوودمەندی پرۆژەکە.

ب- سەرپەرشتی و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنان و بوودجەی ئاسایی دەکات.

ج- سەرپەرشتیکردن و دانانی دیزاینی تەلارسازی بۆ ئەو باڵەخانانەی کە وەزارەت لە بەرنامەی دایە دروستیان بکات.

د- ئەنجامدانی هەر کارێکی دیکەی پەیوەندار بە پلاندانان.

**دەیەم: بەشی ڕاگەیاندن:-**

١- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە ڕاگەیاندن یاخود یاسا و خزمەتی لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.

٢- ئەرکەکانی ئەمانەن:

أ- نوسینەوە و ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە وەزیر و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت.

ب- ڕێکخستنی پەیوەندی ڕاگەیاندن لە نێوان وەزارەت و میدیاکانی ڕاگەیاندن.

ج- ئەنجامدانی هەر کارێکی دیکەی پەیوەندار بە بواری ڕاگەیاندن.

**مادده (٤):-**

**یەکەم:**

دەکرێت هەڵگری بڕوانامەیەکی یەك پلە نزمتر لەو بڕوانامانەی کە لە بڕگەی یەکەمی بەندەکانی مادده (٣) دا هاتووە ، بەڕێوەبەرایەتییەك، بەشێك، هۆبەیەك ، بەڕێوەببات ، بەمەرجێك خزمەتی دوو ساڵ زیاتر بێت لەو خزمەتەی کە دیاریکراوە بۆ بەڕێوەبردنیان و پسپۆڕیەکەشی ناکۆك نەبێت لەگەڵ کارەکە، هەروەها هەمان پێوەری خزمەتی هاتوو لەم ماددەیەدا دەبێتە دوو هێندە بۆ بڕوانامەیەکی نزمتر و بەم شێوەیە.

**دووەم:**

**بۆهەڵگرانی بڕوانامەی یەك پلە بەرزتر لەو بڕوانامانەی کە لە بڕگەی یەکەمی بەندەکانی مـادده ( ٣ ) دا هاتـووە ، دوو سـاڵ کەمدەکرێتەوە لـە ڕێـژەی سـاڵانی خـزمەتی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنیان.**

**مادده ( ٥ ):-**

**نووسراو ئاراستەی دەزگاکانی هەرێم دەکات بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە بۆی دیاری دەکرێت لەلایەن وەزیرەوە.**

**مادده ( ٦ ):-**

**کـار بە هیـچ بڕیار و بەیان و فەرمان و ڕێنـماییەك ناکرێت لەگەڵ حـوکمەکانی ئەم پەیڕەوە ناکـۆك بێـت .**

**مادده ( ٧ ):-**

**ئەم پەیڕەوە جێبەجێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .**

**سـنـان چلبـی**
**وەزیـری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٦٨٧/٣ لە ٢٠١٧/٣/٣٠**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە حوکمەکانی ماددە(٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

## پەیڕەوی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٧

## پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

**ماددەی (١):-**

**١- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی، بەڕێوەبەرایەتیەکە ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە وەزیر.**

**٢- فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا و خزمەتی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.**

**ماددەی (٢):-**

**أ- ئەنجامدانی کارەکانی تایبەت بە داوا دادوەرییەکان و دادگاکان.**

**ب- ڕادەربڕین لە سەر پرسە یاساییەکان ( کێشە، دەق، کردنەوەی ناوەندی یاسایی...تاد)**

**ج- ڕێکخستنی ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەت لایەنێکە تیایاندا، وەك گرێبەستەکانی: خانووبەرە، ئۆتۆمبێل، دانانی دیزاینی تەلاری باڵەخانە... تاد، هەروەها هەڵگرتن و ئەرشیفکردنیان.**

**د- کارە یاساییەکانی پەیوەندار بە موڵکداریەتی و کردنەوەی دۆسیە بۆ موڵکەکانی وەزارەت.**

**هـ- بەدواداچوون بۆ داواکاری و سکاڵای هاوڵاتیان سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی بڕیاڕ و یاساکان.**

**و- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە سروشتی کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە.**

**ماددەی (٣):- پێکهاتەکانی:**

**أ- بەشی داواکان و بەدواداچوونی یاسایی: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.**

**ب- بەشی گرێبەستەکان: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و یارمەتی دەدرێت لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە.**

**ج- هۆبەی ئەملاك: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی هۆبە، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوس بێت لە یاسا و خزمەتی لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێت.**

**ماددەی (٤):-**

**ئەم پەیڕەوە جێبەجێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .**

**سـنـان چلبـی**

**وەزیـری داد**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٩٨٩/٤/٩ لە ٢٠١٧/٢/٢**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٧

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٦ کە تایبەتە بە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی پلە وەزیفییە گشتیەکان، ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد:-**

**١- سەرجەم بڕگە و خاڵەکانی ئەم ڕێنماییە هەروەکو خۆی کاری پێ دەکرێت بۆ ساڵی دارایی / ٢٠١٧.**

**٢- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٧/١/١ ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٢٧٩٠/٤/٩ لە ٢٠١٧/٣/٨**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٧
## مۆڵەتی دایکایەتی

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و پاڵپشت بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٣٤٧) لە ٢٠١٦/١٢/٢٢ ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە(٣٥)ی ساڵی /٢٠٠٧ ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد :-**

**١- دەکرێت مۆڵەتی دایکایەتی بدرێتە ئەو دایکانەی کە منداڵەکەی تووشی نەخۆشی درێژخایەن هاتووە وەك (شلل دەماغ , امراض قاتلە و ...... هتد) بۆ چاودێری کردنی منداڵەکەی بە مەرجێك بۆ هەر شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتی پزیشکی تایبەت بە باری تەندروستی منداڵەکەی پێشکەش بکات بۆ فەرمانگەکەی خۆی و ئەم مۆڵەتە تەنها وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە ببەخشێت .**

**٢- ئەم ڕێنماییە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) .**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٣٦٤١/٤/٩ لە ٢٠١٧/٣/٣٠**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پاڵپشت بە بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٢٢) ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی ٢٠١٧/١/٣١ بە ژمارە (١٠٠) لە ڕۆژی ٢٠١٧/١/٣١ کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٨٠٢ لە ٢٠١٧/٢/١٢ وێنەی ئاراستەتان کراوە بڕیاردراوە بە :-**

**١- دەستنیشانکردنی ڕۆژی (١)ی ئازاری ساڵی /٢٠١٧ بە دوا وادەی تۆمارکردنی مووچەخۆران لە سیستەمی ناوەندیی تۆمارکردنی بایۆمەتری سەرجەم مووچەخۆرانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان ، هەر مووچەخۆرێکی مەدەنی کە بە بەردەوامی مووچە لە حکومەت وەربگرێت لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێك بێت لەو ماوەیەدا ناوی خۆی تۆمار نەکات ، ئەوا خۆی بەرپرسیارێتی دەرئەنجامەکەی لە ئەستۆ دەگرێت .**

**٢- سیستەمی ناوەندیی تۆماری بایۆمەتری سەرجەم مووچەخۆرانی سەربازیی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایشی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی گشتی لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە .**

**٣- پێویستە لە سەر سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ، بە مەدەنی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایشەوە ، ئەوانەی کە پەیڕەوی سیستەمی ژمێریاریی نامەڵبەندی (نظام المحاسبي اللامركزي) دەکەن ، کە دەبێت خەرجییەکانی مووچە مانگانە لە لایەن گەنجینەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە ووردبینی و پەسەند بکرێت هاوشێوەی ئەوانەی کە سیستەمی ژمێریاریی مەڵبەندی (نظام المحاسبي المركزي) پەیڕەو دەکەن ، و پێویستە لە سەر گشت دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان بە بێ ڕەچاوکردنی جۆر و سروشتی ئەو سیستەمە ژمێریارییەی بەکاریدەهێنن وێنەیەك لە خشتەی مووچە خۆرانیان مانگانە و بە بەردەوامی بنێرن بۆ (وەزارەتی دارایی و ئابووری) و (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نووسینگەی تایبەتی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بەپێ ئەو نووسراو و فەرمان و ڕێنماییانەی پێشتر لەم بارەیەوە گشتاندنی بۆ کراوە .**

**٤- ڕاگرتنی دانان و دامەزراندن لە بری مووچەخۆر (نشر و فصل) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە گشت بوارەکان کە پارەی لە بودجەی گشتی وەردەگرێت لە ژێر هەر ناو وناونیشانێکدا بێت ، و بە هەر شێوەیەك لە (مووچە دەرماڵە ، بەخشین ، هاوکاریی ، خانەنشینی ، مووچەی کەسەکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مووچەخۆری مەدەنی و سەربازیی و هێزەکانی ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و مووچەخۆری هەمیشەیی و کاتی و گرێبەستیشەوە ) ، لە کاتی چۆڵبوونی میلاکی هەر مووچەخۆرێك بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ پاساوێکدا جێگەکەی پڕناکرێتەوە ، و هەر بڕیار و فەرمانێکیش بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دەربچێت کاری پێناکرێت و بە هەڵوەشاوە دادەنرێت و ئەو کەسەشی بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دادەنرێت هیچ مافێکی ناکەوێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە.**

**٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی ٢٠١٧/٢/١٢وە جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە**

**ڕابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**ئه نجومه‌نی دادوه‌ری**

**ژماره : ٧٩ له ٢٠١٧/٢/٨**

## بـــڕیــار

ئاماژه به بڕیاری ئه‌نجومه‌نی دادوه‌ری ژماره (٢ له ٢٠١٧/٢/١) وه له سه‌ر پێشنیاری سه‌رۆكایه‌تی دادگای تێهه‌ڵچوونه‌وه‌ی ناوچه‌ی هه‌ولێر به‌پێی نووسراویان ژماره (١٥) له ٢٠١٧/١/٣٠ و پشت به‌حوكمی مادده‌ی/١٩ دووه‌م له یاسای ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری ژماره (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ وه له‌به‌ر به‌رژه‌وه‌ندی گشتی و باشتر ڕاپه‌راندنی ئیشوكاره‌كانی هاووڵاتیان , ئه‌نجوومه‌نی دادوه‌ری بریاریدا به:-

- پێك هێنانی دادگای تاوانه‌كانی هه‌ولێر/٤ وه ده‌سه‌ڵات بدرێت به سه‌رۆكی دادگای تێهه‌ڵچوونه‌وه‌ی ناوچه‌ی هه‌ولێر به دیاری كردنی تایبه‌تمه‌ندی جۆری (الاختصاص النوعی) ئه‌و دادگایه .

**ج.سه‌رۆك**
**بنگین قاسم محمد**
**ل/ســه‌رۆكی ئه نجومه‌نی دادوه‌ری**

**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٤٦٠٤ لە ٢٠١٧/٣/١٣**

**بەیانی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٧**

**فراوانکردنی گوندی ئەلآیی خواروو**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوەخۆی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩ وە ڕێنمایی فراوانکردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ وە ئاماژە بە نوسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٥٨ لە ٢٠١٦/١/٩) و (١٣٢١ لە ٢٠١٧/٢/٢٨)، بریارماندا بە:-

- پەسەندکردنی فراوانکردنی حەرەمی نوێی گوندی (ئەلآیی خواروو) سەر بە ناحیەی بازیان لە پارێزگای سلێمانی و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەڕووبەری(٥) دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٧/٣) لە کەرتی ٤/الهی وەك لە نەخشەی هاوپێچی نوسراوی سەرەوەدا هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە کاری پی دەکرێت لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوەخۆ**

---

**دەستەی وەبەرهێنان**

**ژمارە ٦٠١ لە ٢٠١٧/٣/٧**

**بـەیـان**

پاڵپشت بە فەرمارنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە (٢٠١٦/٢/٢٨) تایبەت بە تەرشیقکردنی پەیکەری رێکخستنی وەزارەتەکان ، وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە برپیارماندا بە :-

١- بچووکردنەوەی پەیکەری رێکخستنی ( فەرمانگەی شار و ناوچە پیشەسازیەکان) لە دەستەکەمان.

٢- هەڵوەشاندنەوە و یەکخستنی ( بەرێوەبەرایەتی شاری پیشەسازی ) و ( بەرێوەبەرایەتی ناوچەی پیشەسازی) بۆ یەك بەرێوەبەرایەتی لە ژێر ناوی (بەرێوەبەرایەتی شار و ناوچە پیشەسازیەکان) لە فەرمانگەی شار و ناوچە پیشەسازیەکان.

٣- گۆڕینی ناوی (بەرێوەبەرایەتی پەرەپێدان) بۆ (بەرێوەبەرایەتی پەرەپێدان و بەدواداچوونی پرۆژە پیشەسازیەکان ) لە فەرمانگەی شار و ناوچە پیشەسازیەکان .

٤- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجی دەکرێت.

**د. نوری عثمان عبدالرحمن**

**سـەرۆکی دەستە بەوەکالەت**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-**

## بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی فێرگەی مەشقی پلنگەکانی زێرەڤانی ) لە بنەسلاوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٨.**

## بەیانی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( هۆبەی تەندروستی ئافرەتان ) لە بنکەی تەندروستی ملافەندی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٦.**

## بەیانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **گۆڕینی ناو ( مەڵبەندی تەندروستی ئێشکگری دەربەندیخان ) بۆ( مەڵبەندی تەندروستی ئێشکگری شەهید حمید ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دەربەندیخان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٦.**

## بەیانی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی کانی ڕەش ) لە گوندی کانی ڕەش سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٦.**

## بەیانی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی میربالیان ) لە ناحیەی بجیل / قەزای ئاکرێ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٦.**

**د. ڕێکەوت حمه رشيد كريم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-**

## بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **گۆڕینی ناوی ( بنکەی تەندروستی کەندە سوورە لە تایپی (C) ) بۆ لە (مەڵبەندی تەندروستی شەهید کمال محمد سعید)سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٦.**

## بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( ئەم بنکە تەندروستیانەی خوارەوە ) لە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك**

**١- بنکەی تەندروستی چاودێری سەرەتایی لە کەمپی دەرکار لە قەزای زاخۆ .**

**٢- بنکەی تەندروستی چاودێری سەرەتایی لە کەمپی مام ڕەشان لە قەزای شێخان .**

- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٦.**

## بەیانی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **گۆڕینی ناوی ( بنکەی تەندروستی زاب ) بۆ (بنکەی تەندروستی جدیدە ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٣٠.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**